# پرینتەرێکی بچووک وەک پێنووسێک



پرینتەر، یا بە واتایەکی دیکە ئامێری چاپی دیجیتاڵی، ئەو ئامێرەیە کە لەگەڵ کۆمپیوتەر یا مۆبایل دەبەسترێتەوە و ئەوەی لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرە دەگوازێتەوە بۆ سەر کاغەز..

زۆربەی پرینتەرەکان قەوارەیان لانی کەم بەقەد لاپەڕەیەکی A4 دەبێت.. بە زۆریش لەگەڵ کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێن نەك مۆبایل..

کۆمپانیایەك پرینتەرێکی زۆر جیاوازی بەرهەم هێناوە، پرینتەری EVEBOT هەندێك لە قەڵەمێك گەورەتر. ئەم پرینتەرە بچووکە ئەو ئەرك و کارانەی کە کۆمپیوتەرە مەزنەکان ناتوانن ئەنجامی بدەن، دەیکات. پرینتەرەکە لەسەر هەموو تەنێك (کاغەز، دار، شووشە، پێست، گلاس و میدالیای کلیل...تاد) چاپ دەکات. بەهۆی وای-فای  بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێت.




## کامێرایەکی ئۆتۆمبیل سات

ئەگەر بە نیازی گەشت بۆ شوێنێکی دووری، حەز دەکەی زۆربەی دیمەنەکانی سەر رێگا تۆمار بکەی، پێویستت بە کامێرایەکە، کامێرایەك لەکاتی تۆمارکردندا کێشە دروست نەکات و خۆکار دیمەنەکان تۆمار بکا.

کامێرای ناو ئۆتۆمبیل جۆری AUKEY DR02 دەتوانێت بەردەوام مەودای رۆیشتن و دیمەکانی سەر

## ئامێرێک بۆ پێوانی چەوری جەستە

ئەگەر قەڵەوی و کێشت زیادە رێژەی چەوریت لە جەستەدا زۆرە، بەڵام هەموو جەستەت وەك یەك چەوری تێدا کۆنەبۆتەوە؟ ئەوە دەتوانیٚ ئامێرێك بەکار بێنی کە رێژەی چەوری هەر شوێنێکی جەستەت بۆ دیاری دەکا. زانینی رێژەی چەوری لە شوێنێکی لەشدا بۆ ئەوە باشە کە راهێنەر بەو بەشەی جەستەت راهێنان بکا، بەکارهێنەری ئامێرەکە لەجەستەی خۆی بگا کە چ شوێنێکی چەوری زۆرە.

ئامێری Skulpt Chisel ئەو ئامێرەیە، کە پێشووتر راهێنەرە پێشەییەکان بەکاریان دەهێنا، تاکو راهێنان بەو بەشە لە جەستە بکەن کە چەوری تێدا کۆبۆتەوە.  ئامێرەکە دەتوانێت پێوانی وردی چۆنییەتی ماسولکەکان و رێژەی چەوری ٢٤ جۆری ماسولکە بزانێت.



هـەر لـە وێنەکەدا دیارە قەوارەیەکی زۆر گونجاوی هەیـە. باترییەکـەی ١٢٠٠ میلی ئەمپێرە و هەتا دوو هـەزار جار چاپ کـردن پێویسـتی بە شـەحن نییە. بەهـۆی ئـەو پرینتـەرەوە دەتوانیـت وێنـە و لۆگـۆ و ئارمـی تایبـەت بەخـۆت لە هەر شـتێك بـدەی. بۆیە بۆ ریکلام کردن زۆر گونجاوە. لە یەك چرکەدا دەست بـە پرێنـت کـردن دەکا و کوالیتیەکـەی Dpi 300یـە. کاترێجێك (قوتوی هەڵگرتنی حیبر) هەتا ٣٥٠٠ جار چـاپ کردن تـەواو نابێت. ئەو رەنگەی لە کاتریجەکە دایە کێشـە بۆ پێست دروسـت ناکا. کێشی پرینتەرەکە ٢٤٠ گرامە.




## کلیل و قفڵی زیرەک پاراستنی ئەمنییەتی زیاتر

لـە کوردەواریدا دەڵێن ماڵی خۆت توند بگرە و کەس بـەدز مەگرە. لەسـەردەمی دیجیتالیدا دەیان رێگا و شـێواز هـەن بـۆ باشـترکردنی ئەمنییـەت، ئیدی لەمـەولا قفل و کلیـل بە شێوەی کلاسیکی نامێنێ و هەمـوو شـتێك دەبێتە دیجیتالـی.

یەکێك لە قفڵە هۆشـمەندەکان، قفڵی زیرەکی Ul-traloqیە. کە لەهەر شوێنێك هەر جێگایەك بتهەوێ کۆنترۆڵـی بکـەی. کردنەوە و داخسـتن لـە رێگای دوورەوە و بە مۆبایل.. کردنەوە و داخسـتن لەکات و سـاتێکی جیـادا. دانی کـۆدی تایبەت بە هاورێ و میوان لەکاتی پێویستدا.

قفڵـە زیرەکەکـە بـە شـەش جـۆر دەکرێتـەوە. بـە پەنجـە مـۆر، کۆدەکانـی تایبـەت بەخـۆی، بـە مۆبایـل، کردنـەوەی بـە شـێوەی خـۆکار. سیسـتەمی وێبـرە بـۆ کردنـەوە. هەروەهـا کلیلـی تایبـەت بەخـۆی. قفڵەکـە هـەرکات چوویـە دەر ئۆتۆماتیکـی دادەخرێـت بەبـێ ئـەوەی پەنجەشـی لێبـدەی. ئەگـەر هاتیـەوەش ئۆتۆماتیکـی دەکرێتـەوە. هەروەهـا دەکرێت بەدەنگیـش بکرێت و دابخرێتـەوە.



## ـــــە هەستیارەکان تۆمار دەکا

رێگا تۆمار بکا. هەسـتەوەرێکی تێدایە لەوکاتانەی کە کامێراکـە کوژاوەتـەوە و فیلمیـش هەڵناگرێتـەوە، بەڵام پێکدادان یان وەرگەڕانێك روو دەدا، دەستبەجێ کامێراکە دەسـت بـە فیلـم هەڵگرتنـەوە دەکا، بـۆ ئـەوەی دواتـر بزانـدرێ هـۆکار و چۆنییەتـی رووداوەکـە چـۆن بووە. کامێراکە شـەحنەکەی هەر لـە ئۆتۆمبیلەکە وەردەگرێ بۆیە نیگەرانی دابەزینی باتریی کامێرا نییە.



# یەکەم مۆبایلی G5 پتەو و خۆڕاگر

ئامێری مۆبایل بۆتە پێویستیەکی گرنگی ژیان، نەتەنیا بۆ پەیوەندی گرتن بەڵکو بۆ ئەنجامدانی زۆر ئەرکی دیکەش پشت بە مۆبایل دەبەسترێ. لەراستیدا بۆ زۆر کەس هەڵگرتنی مۆبایل وەك خوویەکی لێهاتووە و ئەگەر لێی داببڕێن، تووشی کێشەی دەروونی دەبن.

مۆبایلەکان توانا و کێش و قەبارەیان جیاوازە، زۆربەیان تەنك و ناسکن، بەبەرکەوتن و کەوتنە خوارەوە تێکدەچن و خرا دەبن. لەو نێوەدا مۆبایلی تایبەتیش بۆ ئەوانەی کاری ئەندازیاری، یان وەرزش و هەڵگەڕان بە شاخ و گابەرداندا بەرهەمهاتووە. مۆبایلی تایبەت بەو چینەی ئاماژەمان پێدان مکوم و پتەون. مۆبایلی جۆری Hard Case G5 یەکێکە لەو مۆبایلانە. مۆبایلی ناوبراو ئەوەندە مکومە کە زەربە پێکەوتن و بەربوونەوە تێکناچێت. لە قوڵایی دەریاشدا کێشەی بۆ نایەتە پێش و تەڕنابێت. دیارە مۆبایلی لەم شێوەیە لەمێژساڵە بەرهەمهاتوون، بەڵام ئەو جۆرەیان لەگەڵ ئەوەی پتەو و خۆراگرە، هەموو تایبەتمەندییەکی مۆبایلێکی نوێشی هەیە. رامەکەی ٦ گیگابایتە، میمۆرییەکیە ١٢٨ە. دوو سیم کارتەیە. کامێراکەی ٤٨ میگاپیکسلە. کامێرایەکی تایبەتی بۆ فیلم و وێنەهەڵگرتنەوە لە شەویشی تێدایە، واتە لە تاریکە شەویشدا بەهۆی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی دەتوانێت فیلم هەڵبگرێتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، ئایا دەکرێت ئەو کورتە پەیام و پەیوەندییانەی دێن بۆ سەر مۆبایلەکەم لە کۆمپیوتەرەکەمدا بیان بینم، چونکە زۆرجاران بەهۆی کارەوە ئاگاداری موبایلەکەم نیم؟**

بەڵێ خوێنەری ئازیز، بەهۆی ئەو ئەپ و پرۆگرامانەی کە لە نێوان مۆبایل و کۆمپیوتەردا لینك و گرێدراویان پێکەوە هەیە، بە ئاسانی ئەوە ئەنجام دەدرێت. چەند پرۆگرامێك هەن بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتوون، یەکێك لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی Pushbulletە، لەسەرەتادا پرۆگرامەکە لەسەر مۆبایلەکەت دادەنێ و پاشان ڤێرژنی ویندۆزیش لەسەر کۆمپیوتەر دادەبەزێنی و دواتر پێکەوەیان دەبەستیەوە بە ئاسانی ئەنجام دەدرێ. دوای ئەوە دەتوانی کورتە پەیام وەربگیری و بنێری، ئاگادارییەکان ببینی، فایلەکان پێکەوە هاوبەش بکەی. دەتوانی کۆنترۆڵی دەنگی کۆمپیوتەریش بکەی..

# یەکەم ئۆتۆمبیلی فڕۆک فــــــ





لەمێژ ساڵە هەوڵ دەدرێ ئۆتۆمبێل بەرهەم بهێندرێ کە وەك فڕۆکە هەڵفڕێت و لەکات و شوێنی خۆشیدا وەك ئۆتۆمبیل بە رێگادا بڕوات، ئەم رۆژانە ئەم هەوڵدانە گەیشتە قۆناغی کۆتایی و سەرکەوتنی بەدەست هێنا.


ستیڤەن کلێن، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری کۆمپانیای (klein vishion) بە ئۆتۆمبیلە فڕۆکەکەی تاکو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی نیترا لە سلۆڤاکی رۆیشت. پاشان هەر بەو فڕۆکە ئۆتۆمبیلە لە فڕۆکەخانەوە بۆ ماوەی ٣٥ خولەك بۆ شاری براتیسلاو فڕی و لەوێش نیشتەوە.

کلاین لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا ١٤٠ جار خۆی تاقیکردۆتەوە و سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، بەڵام لە ئاکامدا بەری ماندووبوونی دیت و گەیشتە سەرکەوتن و ئامانج. ئەم فڕۆکە ئۆتۆمبیلە لەماوەی سێ خولەکدا دەبێتە ئۆتۆمبیل و دەبێتە فڕۆکەش. خێرایی فڕۆکەکە ١٩٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدایە. رەنگە لە داهاتوودا بگاتە ٣٠٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا، دەتوانرێ هەتا مەودای رۆیشتنی هەزار کیلۆمەتر تانکیەکەی پڕ نەکرێتەوە.

# پرۆگرامێک بۆ دەستکاریکردنی فیلم

گەلێك پرۆگرام و ئەپ هەن کە ئەرکی سەرەکیان دەستکاریکردنی فیلمە، وەك بڕین و پارچەکردن، لکاندن، مونتاژ کردن. ڕێکخستن و گۆڕینی دەنگ و هی تر.. پرۆگرامی Filmora کە سەر بە کۆمپانیای Wondershare ە، یەکێکە لەو پرۆگرامە گرنگانەی تایبەت بە ڕێکخستن و دەستکاری کردنی فیلم. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە ئاسانە و تواناکانی گەلێکن. پرۆگرامەکە دەکرێ بڵێین وەك پرۆگرامی movie maker دەچێت. گەلێك تایبەتمەندی گرنگی تێدایە. پشتیوانی لە زۆربەی فۆرماتە ڤیدیۆییەکان دەکا، پشتیوانی لەو ڤیدیۆیانە دەکا کە کوالیتیان زۆر بەرزە. بە باشترین کوالیتی فیلمەکان خەزن دەکات. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی، بڕین و کەرت کردنی فیلمەکان، هاوبەشی کردنی فیلمەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. پێش نیشاندانی لە نموونەی کارەکان بەر لە تەواو بوونی. گونجان لەگەڵ زۆربەی سیستەمەکانی دەنگ و و ڕەنگدا.



## ماڵپەڕی وەستا بۆ هەموو بوارێک

بەفرگری ماڵەوە تێکچووە و وەستایەکی شارەزاش نییە بیبە لای، سپلێتەکە ئیش ناکا و هۆکاری ئیش نەکردنەکەی نازانی، جلشۆر و قاپشۆرەکان کار ناکەن، بەگشتی هەرچی لەماڵدا هەیە و پێویستت پێیەتی، نەك ئەوانەی ماڵەوە بگرە ئامێرە کشتوکاڵییەکانیش کە تووشی کێشەیەك دەبن، بە ئاسانترین شێواز و بە گرتەی ڤیدیۆیی فێرکاری لە ماڵپەڕی https://www.re-pairclinic.com/ سەیر بکە، ئەو ماڵپەڕە وەك دەڵێن سەری مار و مێرووی تێدایە، هەموو ئەو ئامێرە ئەلکترۆنییانە کە تووشی کێشە دەبن پێویستیان بە چاکردنەوەیە بە ئاسانترین شێوە ڕێنوێنیت دەکات. هەر ئەوەندە بەسە ناوی ئامێرەکە و مۆدێلی ئامێرەکە لە بۆکسەکەدا بنووسی و پاشان سێرچی بکەی، ئیدی چەندین گرتەی ڤیدیۆی کەتایبەتن بە چاکردنەوە نیشان دەدات.

## ڕینی خۆی دەست پێکرد

